# بێكولتووری؟! ... ئەنوەر موحەمەد ئەحمەد

لە مێدیایی ئەڵماندا باوە: كولتوور پارەی زۆری تێدەچێت، بەڵام بێكولتووری زۆرتر! بۆ تێگەیشتنمان لەم دەربڕینە، پێویستمان بە ڕاڤە و زیادە خستنە سەر نییە. بۆیە بە كورتی دەڵێین: نەخوێندەواری، نەزانین و پاشكەوتن، لەسەر تاك و كۆمەڵگا و دەستەڵاتەكەیش. زۆر بە گران دەوەستێتەوە! كە ئیدی ئاكامەكەی هەزاران، كێشە و دەردی دەروونیی مرۆڤایەتییە! بە كولتوور و بێكولتوور یانی چی؟! با ڕاڤەیەكی ئەم زاراوە ناوەڕۆك پڕە بكەین. وشەی (كولتوس) كە لاتینییە، بە مانای ڕاژەكردن ـ خزمەتكردن ـ دێت. با بڵێین؛ لە خزمەتی فەرمانەكانی یەزداندا بیت! خزمەتی كەسێك و جێیەك بكەیت و جێی ڕێز و قەدرزانین بێت. خۆ خەریككردن بە ـ بووەكان ـ ی مرۆڤ و دەوور و بەرەكەی. نرخ بە كەس و شتدان. هەمان ـ كولت ـ ئاماژەیش دەبێت بە كەسایەتییەكی گرنگ و لەبەرچاوی كۆمەڵگایەك. دیارە كە ـ كولت ـ سەرچاوەی ـ كردن ـ ە. واتە هەڵسان بە كارێك و چالاكییەك. واتە: كولتوور، كردارە تایبەتی و جۆراوجۆرەكانی فیزیكی و هزریی مرۆڤە، لە هەموو بوارەكانی ژیان و ژینگەدا. خو و خدە و ئاكارەكانی تاكی كۆمەڵگایە. كولتوور لە كۆمەڵگایەكدا، بریتییە لە كۆی دەستكەوتەكانی سە رخان و ژێرخانی ئەو كۆمەڵگایە. كولتوور پڕۆسەیەكی فێركردنە. پەروەردەیە. دەبێت هەر لە منداڵییەوە فێر بكرێیت. بۆیە دەبێت بڵێین؛ كۆمەڵگای بێكولتوور نییە. هەلومەرجی ئەرێتی و نەرێتی بڕیاردەری ڕێژەی دەوڵەمەندی و هەژاریی كولتوورن. هەر وەك چۆن مرۆڤ بە پێشكەوتوو و یان پاشكەوتوو لە دایك نابن. بەڵكوم ئەوە كارگەریی ژیار و كۆمەڵگایە دەبنە بنخانی كەسایەتییەكان. ـ ئەم حاڵەتەیش ڕێژەییە! ـ سەرنج بدەین؛ ئەگەر لە وڵاتانێكی لەمەڕ ئێمە،ساڵی چەند سەد و شایەد چەند هەزار، لە بەرهەمی نوێی هەمەجۆرە (ئەویش ڕێژەیەكی لەبەرچاوی وێژەیی و یان وەعزەكانی دەستەڵاتی سیاسی!!) بێنە بازاڕەوە، ئەوا لە وڵاتێكی وەكو ئەڵمانیادا، ڕێژەكە خۆی لە چەند سەد هەزار تێدەپەڕێنێت. لەم وڵاتانی خەرمانە بەرهەمانەدا، پێویستبوونی كڕینی پەڕتووك و ڕۆژنامە و گۆڤارە زۆر جیاوازەكان، لە ئاستی پێویستبوونی بژێوی ڕۆژانەدایە. واتە خوێندنەوە بووە بە كولتوور! ـبەشێك لە كولتوور ـ كولتوور پەروەردەیە و بەبارهێنان و فێركردن. بۆ نموونە؛ لە كوردستاندا دەبێت خەڵكی فێر بكرێن، چۆن مامەڵە لەتەك سەیرانگاكاندا دەكەن؟! كەسێك دڵسۆزی ماڵ و وڵات و دەووروبەرەكەیی نییە. هەركەس لە ئاستی خۆیەوە، ئەركەكە بۆ ئەویتر بەجێدێڵێت. كەسێك لەو پیس وبۆخڵییە ی سەر شەقامە گشتییەكان و كۆڵانەكان بەرپرسیار نییە كە وێنەیەكی ناشیرین و ناشارستانی، دەخاتە زهنی ئەو میوانە بیانیانەی دێنە كوردستان. كەسێك بە ئەركی خۆی نازانێت كە ئەو ناوە پیس نەكات! هەموو هەر دەڵێیت؛ یەكجار دەچن و ئیدی ناچنەوە ئەو جێیە!. لێواری چۆم و ئاوەكان پڕە لە پاشماوەی خواردن، كاغەز، قتوو، شووشە، دایبی پیسی منداڵ و. . هتد. بۆ پێشاوـ تەوالێت! ـ بن دار و دەوەن و تاشەبەرد و گوێی ئاوەكان بەكار دەبرێت. لە هەندێك جێ یەكدوو تەوالێت بە حەسیری دڕاوو لەپاڵ یەكدا دروست كراون!! ـ دەی هەر خۆزگەم بە چۆڵەوانییەكە!! ئەم كردەوانە ناچنە خانەی كردەوە و كولتووری باشەوە! جێی قێز لێكردنەوە و شەرمەزارین. ئەی باشە لە كوردستاندا وەزارەتی تەندروستی هەیە؟! بۆچی نییە، لە بریتی یەكێك دووانیش هەیە!! كارمەندەكان خەریكی چین؟! وەزارەتی تەندروستی، ناتوانێت چەند تەنەكە و بەرمیلی خاڵی نەوت، لەو نێوەدا دابنێت. لەو هەموو بێكارەی كوردستان، ناتوانن چەند كارمەندێك بۆ كۆنتڕۆڵی

شەقام و کۆڵانەکان و هاوینەهەوار و سەیرانگاکان، دەبمەزرێنن؟! شاگردی چێشخانەکان، پەڕۆیەکیان بە دەستەوەیە، کە لە ڕەنگی چا و ماستاو و جۆرەکانی شلە و چەوری، ڕەنگێکی تایبەتی بە خۆیان گرتووە! چونکەی هەموو شتێکی پێدەسڕن، مێز و کورسی. قاپ و تەپڵەکی جگەرە. بێشک دوای تەوالێتیش، وەک دەستەسڕ بەکاری دێنێت!! بە هەمان جام و لێوان، سەدان کەس ئاو و خۆشاو ـ شەربەت! ـ و ماستاو دەخۆنەوە. کەوچکێکی بەستەنی و محەلەبی، تەنیا تەڕ دەکرێت، ئیدی سەدان کەس دەیکەن بە دەمیاندا!. ئایا دەشێت ئەم کردارە دوور لە ژیاری پێشکەوتنە، کولتووربن؟! ناکرێت گەل ـ خەڵک ـ دەستەڵات مەجبوور بکەن چاودێرییەکی باشی پاقژی و بەتایبەتیش، ئەو سەیرانگایانە بکەن؟! وەکو ئاماژەمان پێدا، کولتوور؛ کردەیە، کردارە؛ خو و خدە و ڕەوشتە! ئاماژەیە بە تایبەتمەندییەکانی تاک و گۆمەڵگایەک. وەکو لە کن مە لێیتێدەگەن؛ کولتوور تەنیا، لاوک و حەیران، بەیت و قەتار و ئەلاوەیسی. هۆرەی جافی و ڕۆینە. . دەهۆڵ و زوڕنا و جوزەلە. کلاشی هەورامی و دۆمی و ڕانکوچۆغە. سفرە ڕازاندنەوە و ـ ئیفتیخار! ـ بەگیپە و کفتە و یاپراخ و. . هتد نین! بتپەرستی و فسکە فسکی سیاسی و گوایە ڕۆشنبیریی نییە کەئەوەیش بەشێکە لە کولتووری خراپ!هەر وەک چۆن کولتووری خراپ و دواکوتوویی هۆزە عارەبەکانی سەدەکانی ڕابردوو، کارگەریی خۆی لەسەر تاکی ئیسلام داناوە. واتە؛ تاکی ئیسلام دەتووانێ موسڵمانیش بێت و بەڵام ئەو خو و خدە و کردەوە پاشکەوتوانەی کۆمەڵگای عارەبی سەدەکانی ڕابردوو پەسەند نەکات و خۆی نەخاتە ژێر کارگەرییان. واتە دەشێت کە موسڵمانێکی کورد، هەر پەیوەستی دابونەریتەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی بێت!. کولتووری باشیش ئەوەیە؛ چۆن هەڵس و کەوتی ئەرێتی و مافخوازانە، لەگەڵ خەڵک و بارامبەرکەتدا دەکەیت. چۆن ئازادییەکانی تاک دەپارێزیت. چۆن گفتوگۆ دەکەیت. چۆن هەڵسوکەوتی ئەرێتی لەگەڵ شوێنی ژیانت و نانخواردندا دەکەیت! بەداخەوە، لە زۆر جێگا، کاتێک مێز یان سفرەی خواردنەکە جێدێڵن، هەر دەڵێیت شەڕە پارو، شەڕە نان و شەڕە سەوزە کراوە! لە زۆر جێگا؛ خواردن تەنیا بۆ بەپەلە پڕکردنی گەدە دادەنرێت، نەک بۆ چێژ وەرگرتن لە خواردن و کات و خەڵکەکە. ئەگەرچی خواردن و جۆری خواردن، خۆی کولتوورە. نموونەی دژە واتای کولتووریش هەیە. لە هەندێک کۆمەڵگادا (وەکو هندستان، چین، یابان. . . . ) مڵچە مڵچ و لووشکەلووشک کردن لە کاتی نانخواردندا، واتای خۆشی و بەچێژی خواردنەکە دەگەیەنێت. کە دەبێتە جێی قەدرزانینی خانەخوێ. قڕقێنەیش هەروەها!. بەڵام لە کولتووری زۆربەی کۆمەڵگاکانی ئەوروپادا، نەک هەر پەسەند نییە، بەڵکووم دەبیتە جێی سەرنج و قێزەونیش! نموونەیەکی دی کردەوەی بە کولتوور بووا!!؛ لە وڵاتی ئەڵمانیادا؛ بە سەدان ـ بەڕووکەش! ـ یانەی ـ بەناو کولتووریی کرێکارانی مێوان هەن. (بە زۆری تورک، پاشان عارەب و یۆنانی. . . ) . لەسەر جامخانەکانیان بە هێڵی درشت (یانەی کولتووری) نووسراوە. باشە چ کولتوورێک؟! زۆر کەمیان مۆسیقای تێدا لێدەدرێت و سەما گەلییەکانی تێدا دەکرێت. یان کۆڕوکۆبوونەوەی ڕۆشنبیری تێدا دەبەسترێت. بەڵکوم، لەڕاستیدا جێگای قومار وبەنگکێشان و ئافرەتبازیی و کاری تری نایاساییین! لەوانە؛ کەلوپەلی دزراویان تێدا دەفرۆشرێت. ئەمانە دەبنە کولتووری نەرێتی بۆ ئەو گەلانە. بێشک هەلومەرجە ئابووری و زانستی و کۆمەڵایەتییەکان، دەبنە هۆی گەشە کردنی هزر و سەرهەڵدانی دەستەواژە و زاراوە نوێکان. نەک بگوترێت؛ فلانە کۆمەڵگا زانست و پێشکەوتن و وشە و دەستەواژەی نوێی نییە و نابێت! ئازادیی و پێشکەوتنی تاکی کۆمەڵگا،خوڵقێنەری هەلومەرجی پێشکەوتوو دەخوڵقێنێت. ژێردەستی و پاشکەوتوویی تاک و کۆمەڵگایەکیش، هەلومەرجی دواکەوتوو و کێشمەکێش و گرژی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی دەخوڵقێنێت. بە پێی باری پێشکەوتن و پێویستیی دەستەواژەکانی وەکو: کولتوور ئۆتۆنۆم، کولتوور ئەسترۆپۆلۆژی، کولتووری سێکس، کولتووری مۆسیقا،

كولتووری لەش، كولتووری خواردن و،،، هتد هاتوونە گۆڕێ. لەمەڕ تێكنۆلۆژیایی خێرا و هەردەم بەرەو پێشچووەوە، دەوترێت: ئەمرۆكە نوێ وا خێرا كۆن دەبێت، كەسێك نەتوانێت بزانێت لە 10 ساڵی تردا چ زانستێك گرنگ دەبێت. بۆیە هەمدیسان باری پێویستیی واژە نوێكانی وەكو؛ كولتوور ساتلایت، كولتوور كۆمپیوتیر، كولتوور ئینتیرنێت،كولتوور چیبس ـ ی هێناوەتە ناو فەرهەنگی وشەو ئاخافتنەوە. بێشك ئەمەیش دەوڵەمەند بوونی زمانە. هەر بە ناوی (شۆڕشی كولتووریی پیرۆز) ەوە، دەستەڵاتدارانی وڵاتی چین، گەلێك مرۆڤی بیر جیاوازیی سیاسی و ئاینیان، كوشت و لە سێدارە دا. گەلێك جێگای مێژوویی ئەو خەڵكەیان كردە وێرانە. ئەگەر ئەو وێرانكاریانە خەست بكەینەوە، دەبنە دەستەواژە ناودارەكەی كولتووری چەك! باشە كولتووری كلاشینكۆف مایەی شانازییە یاخود كولتووری كەوش و كلاشی دۆمی و هەورامی؟! بەڕای من تا زووە كولتووری كلاش بخەینە جێێ كلاشینكۆف!

تاكەكانی كۆمەڵگا، بە ئاگایی و یانیش نائاگایی كاری ئەرێتی و نەرێتی دەكەنە سەر یەكتری. هیچ كۆمەڵگایەك بە كولتووری خراپ مەحكووم نییە! هیچ كۆمەڵگایەكیش زۆربەی كولتوورەكانی لەبەر دڵان نین و ڕێژەیین. چونكەی دەشبێت كە تاكەكانیش، وەكو تاك، خو وخدە و تایبەتمەندیی جیاوازیی هەبێت. من بەمە دەڵێم؛ كولتوور ئۆتۆنۆم! وەكو ئاماژەمان پێكرد؛ گۆڕانی سەردەم دەستەواژەی سەردەمی خۆیشی هەیە. ئەمرۆكە زاتەلیت، ئینتێرنێت، كۆمپیوتێر. فاكس، سكێن، تەلەفۆنی دەستی. . هتد بەزۆری ـ لەبەر هۆی ئابووری و سیاسی. . !ـ لە ناو چەند كۆمەڵگایەكدا بەربڵاوە. سبەینێ موڵكی هەموو كۆمەڵگا و زمانە جیاوازەكانی دی سەر ئەم گۆی زەوییەیە. واتە بە هۆی پێشكەوتوویی زانست و تەكنۆلۆژییای هەردەم بەرەو پێشچووەوە، كولتوورەكان لێك نێزیك دەبنەوە. ئاشنایەتی پەیدا دەكەن، سوود لە یەكتر وەردەگرن. . هەندێك كردار و شت، دەبنە كولتووری جیهانی. واتە؛ كولتووری نێونەتەوەیی. وەكو چۆن لە ڕووی پاشماوەیی (گێنێتیك) ەوە، لە چەند سەد ساڵی ڕابردوودا، قسە لەسەر مرۆڤ دەكرا. بۆ نموونە زانا (یان یۆسێف) ڕای وەها بووە، كە تەنیا 2 ڕەگەز هەن!. (كانت) یش دەیوت 4 هەن! (ئەگاسیس) پێیوابووە 8 ڕەگەز هەن! (پیكێرین) یش بە 11 ی قەبڵاندووە! (بۆری ست ڤینتسێت) ڕای وەها بووە 15 ڕەگەز هەن. كۆتاییەكەیان كە جەنابی (بورك) ە، لەسەر 23 ڕەگەز گیرساوەتەوە! بەڵام تێزی نوێی زانستانە و مرۆڤانە و پێشكەوتووتر لەوانە، كە تێزی سەردەمە، واتە (گێنێتیكی نوێ) ڕای وایە كە: چەند میلیۆن مرۆڤ هەن، هێندەیش ڕەچەڵەك هەن. واتە دانیشتووانی گۆی زەوی چەندە؟ هێندەیش ڕەچەڵەك هەیە! بە پێی ئەم لێكدانەوەیە، هەر مرۆڤێك بۆ خۆی ڕەچەڵەكێكە لە خۆیدا. واتە مەرج نییە تاكی یان تاكەكانی كۆمەڵگایەك، مەحكوم بە كولتوورە خراپەكانی ئەو كۆمەڵگایە بن. . . كۆمەڵگاو تاكە بەرفراوانەكان، كولتووریان بەرفراوانە و كۆمەڵگا و تاكە داخراوەكانیش كولتوور و تەنانەت جیهانبینیشیان سنووردار و بەرتەسكە. بە كورتی: تاك و كۆمەڵگای بە كولتوور و بێكولتوور نییە. بەڵكوم ئەوە هەلومەرجە ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی و پەروەردەییەكانن، كارگەری خۆیان لەسەر ئەرێتی و نەرێتی تاكەكان و كولتوورەكان دادەنێن. چونكەی سەرچاوەی دەركەوتنی كولتوور، مرۆڤ خۆیەتی. بۆیە زۆر پێویستە كە ڕیفۆرمێك لە كولتوورەكاماندا (واتە لە خو و خدە و ئەو هەڵس و كەوتانەماندا كە دەقمان پێوە گرتوون!) بكەین.